لەنێوان مردن و ونبووندا

لەیادی مەرگی (عوسمان شەیدا) ی شاعیردا

ئیسماعیل حەمەئەمین

1

زۆرم پێویست بوو هێز بدەمە خۆم بۆ ئەوەی لەبەرامبەر لاپەڕەیەکی سپی ڕابمێنم و ئەم چەندە دێڕە بنوسم، کەنەک تەنها بەئازارەبۆم ، بەڵکو بەتۆپزی چەندەها یادوەری بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت، بەبێئەوەی بزانم بۆچی من لەماڵئاوایی هەتایی هاوڕێمان (عوسمان شەیدا) ترساوم!، ترسێک کەلەزۆر کون و لەبەرەوە پەلاماری دەدام بەبێئەوەی بزانم چیە و لەکوێوە سەریهەڵداوە، بۆچی بەدوومەوەیە ، وەک بەشێک لەتارمایی نوسینێک کەهێشتا کامڵ نەبووە، بێوازم دەکات !، هەموو نوسینە ناکاملەکانیش وەک تارمایەکان وەهان هیلاک و ترسناک و دوژمنکارو بێوازکارن.

2

لەیادی شەیدای شاعیردا هەوڵدەدەم لەو تارماییە تێبگەم کەبەدوژمنکارو تێکدەر ناوزەدمکردن، بەجۆرێک کەهیچ بوارێک بۆ گومان نەهێڵمەوە کەنوسینە ناتەواوەکان ، مەرگ ڕاگەیاندنێکی نوسەرن ، مەرگێک زیاتر لە گومکردنی نوسەرەکە و ونبونی لەنێو باخچەمامەخولەیەکانیدا خۆی نیشاندەدات، مەرگێک مەرگێکی داهێنەرانە نیە بە چەمکی ڕۆلان بارت ، بەڵکو مەرگێکی ڕاستەقینەیی جەستەی کۆمەلایەتی و بوونی کۆمەلایەتی نوسەرە لەنێو ڕۆژانە ژیاندا، نەک ژیان خۆی.

3

جاک دێریدا لەیادی (مۆریس بلانشو) دا دەڵێت: **ون بیت بەبێئەوەی بمریت ، یاخود بمریت بەبێئەوەی ون بیت،ئەم ئەلتەرناتیفانە ئەوەندە ئاسان نین ... ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئەو مردووە بەبێئەوەی ون بێت، بەلام لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێن کەئەو ون بووە بەبێئەوەی بمرێت.**

جاک دێریدا : لەیادی بلانشۆ، چرکەساتی مەرگم ... ل21 ، بلاوکراوەکانی مێرڤێ /بەرلین 2003

4

من پێمووایە عوسمان شەیدا ونبوونی خۆی لەپێش مەرگیەوە بوو ، ئەوەشی شەیدا و بەرهەمەکانی بناسێت بەئاسانی کاراکتەری شاعیرێکی بەتوانا و مرۆڤێکی هۆشمەندی تیژڕوانینی تێدا دەبینیەوە، کەونبوونی ئەو بە ونبوونێکی هەڵبژاردە و ونبوونێکی ئیرادەگەریانە بوو . ئەو بێدەنگیە سەختەی سیمای ئەوی گرتبۆوە ،ئەو شەرمەی بەردوام لەبەرامبەر ڕۆژانە ژیاندا بوو بوو بەبەشێک لەکاراکتەری ، ئەو خۆ پەنگخواردنەوەیە لەدنیای دەرەوەی دڵڕەق بەهەراوزەنای شتەکان کە لەچاوەکانیدا دەبینرا، ئەو گوێگرتنە لەسەرخۆیەی کەلەئاست قسەکارەکانی بەرامبەری هەستیپێدەکرا، ئەو خاوە هەنگاونانەی لەکاتی ڕۆیشتنیدا، ئەو تێڕامانەی کە پێدەچوو لە بەتالایەکی گەورە بروانێت، بەتالایەکی تیژو بێئامان وڕەش و بێپێناسە تەنانەت لەلای خۆیشی!!، ئەو ئاوڕدانەوە لامسەلایەی بۆ هەموو هەرایەکی دەووروبەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت ئەمانە هەمووی لەدەرەوەی من و لەدەرەوەی خودی مندا دەسوڕێنەوە، من تازە ونبووم ئازیزانم! ، ئەوانە هەمووی وێنەی ئەو شاعیرەیان پێکدەهێنا کەبڕیاری دابوو خۆی ونبکات.

5

ئەمەش ترسی ئێمەیە لەوەی لەگەڵ مەرگی هاورێکانماندا ، مەرگی خۆمان ئاوێنەیی بێتەوە، چرکەساتی مەرگی جەستەیی ئەو چرکەساتی پێداچوونەوەی ژیانی ئێستاکێی خۆمانە،یاخود لەوانەیە بیرکردنەوەبێت لە داهاتوو بەبێئەوەی سەیری ئێستاکێمان بکەین، ئیدی کاتێک شاعیرێکی ئاوەها گرنگی نێوەندی ڕۆشنبیریەکی پڕ قەیران بۆ هەتایی کۆچ دەکات، جارێکی دیکە هەموو پرسیارە نەکراو و هەموو هەستەپەنگخواردووەکان و هەموو لێرەبوونەکانی خودی خۆمان و هەموو کێشەکانی جەوهەر و شێوەکۆمەلایەتیەکانمان و هەموو بیرکردنەوەیەک لە داهێنان و ژیان لەگەڵیدا بەدووی خۆیدا بەکێشدەکات.

6

لە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردیدا ، ئێمە لەبەرامبەر دووفیگورداین ، یەکێکیان ئەوانەن لەدوای مەرگیان هەمان هەراو زەنای ساتەکانی ژیانی جەستەییان دووبارە دەبێتەوە، کەئیدی کاردانەوەکانی دوای مەرگیان جگە لەچەند کۆڕێکی ماتەمینی و دووبارەکردنەوەی ئەو بەرهەمانەن کەلەوەوبەر نوسراون ، هەر وەک چۆن هەمان نوسەر لەژیانی جەستەیی خۆیشیدا بەپێی بوونی لە ترۆپکی ناوبانگدا دووبارەی کردونەتەوە، مادامەکی ناوبانگ هەمیشە چواربارە لەچاپدانەوەی بەرهەمە کۆنینەکانیشی پێ قوتدەچێت مادامەکی بەردەوامیەک هەیە لەدەرکەوتن و بەو شێوەیە نوسەر نایەوێت ون بێت و دژی ونبوونێک دەوستێەوە کەمەزندەی ئەوە دەکات بەو دووبارەیە و بوونی لەنێو ڕوناکی ڕۆژنامە و میدیاکاندا پارێزراوە لەونبوون، بەلام ئەو فیگورە نازانێت کەونبوون پابەند نیە بەدەرکەوتن بەقەد هێندەی پابەندە بە داهێنان و کێشەبەندیەکانی.
فیگوری دووهەمان هەیە کەلەسەرخۆ و هێمنە و بەرهەمەکانی لەبەر ئەوەی لەزەمەنێکی کەف وکوڵدا لەگەڵ هۆشمەندی باوی ئەو سەردەمەدا ناگونجێت ، زۆر نابات لە پەراوێزێکی هێمندا دەمێنێتەوە ، بەلام لەبەر ئەوەی خوێنەری نوخبەوی و ئیلیتەی ڕۆشنبیری بۆ خۆی ڕادەکێشێت بوونێکی هەیە بەقەد بارستایی خۆی ، بارستایەک کەفوکوڵی مێگەلی کۆمەلایەتی پێینەبەخشیوە، پڕوپاگەندەی میدیا پێینەبەخشیوە، بەقەد هێندەی جیهانبینی خۆی ئەو ئەڵقە هێمنەی بۆ پێکهێناوە، ئەو فیگورە ئەوەندە حەزی بەدەرکەوتن نیە بەقەد هێندەی لەنێوان هەڵبژاردنی ونبوندا خۆی دەبینێتەوە، ونبوونێکی داهێنەرانە لەنێو تێکست و هونەری بالادا ..

7

(عوسمان شەیدا) فیگوری دووهەم بوو، ئەو شاعیرە بوو لە کاتێکدا هەمووان لەنێوەڕاستی حەفتاکان و هەشتاکاندا خەریکی خۆجەڕاندن بووین بۆ بەرهەمهێنانی حەماس کە پێخۆری ئەوزەمەنەبوو، ئەو بەپێچەوانەوە لەشیعرەکانیدا باسی لەمەرگ و پایز و عەدەمیەتی ژیان و خەمە هەرە ووردەکانی مرۆیی دەکرد، لەکاتێکدا کوردایەتی داوای لەشاعیران دەکرد کوردە ناموسی بکەن و بۆ شاخ و ئاگر و پۆلا بنوسن ، بۆ ئەوەی لەجەماوەر دوا نەکەون لەبەردی ئەم سەرکردەوە بەردەبازێنیان بێت بۆ ئەوی دیکە، ئەوا هەر لەوساتەدا کاتێک شەیدا وەک هەموو مرۆڤێکی کورد لەگەڵ بەگژاچوونەوەکاندا بووە، بەلام گەر لەهەموو شتێکدا کوردە ناموسی کردبێت ئەوا شیعری نەکردۆتە قوربانی هیچ سەردەمێک کە نوسین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەئەرک بزانێت بەرامبەری !، نەخێر، ئەو لەو سەردەمەدا خەریکی شانۆ و وەرگێڕان باسکردنی جوانی بوو، هەر وەک بیەوێت بڵێت من دەمەوێت لەنێو جوانی هونەری باڵادا مانایەکی دیکە بدەم ژیانی کوردی .ئەو هەمیشە ئەو فیگورە هێمنە بووە کە مەرگیشی بەهەمان هێمنی ژیانی ڕەوتیکرد و تێپەڕبوو..

8

مەرگی ئەو لەزەمەنێکی ناجۆردا بوو، ناجۆر بەوەی کاتێک ئەو دەمرێت ، تەواوی خەڵک لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی لۆکالی کوردی و میدیاکەی دەرژێنە سەرجادە بۆ ئەوەی لەخۆشیدا سەمابکەن بۆ سەرکردەیەکی کوردی، کەبووە بە سەرۆکی حکومەتێکی پێکهاتە لەچەند مەلا و کۆنزەرڤاتیڤێک و کۆمەڵێک لیبرالی لنگەوقوچ!، سەیرە،مردنی شەیدا خۆی لەخۆیدا ئەو دەلاقە گەورەیە نیشان دەدات لەنێوان ڕۆشنبیری ودەسەڵاتدا، چاکتر وایە بڵێم لەنێوان ئەدەب و دەسەڵات و خوێنەرێک کەهێشتا دروست نەبووە، هێشتا لەسەر جادەکان بەفیکەی سەرکردەکان سەما دەکات..هەرئەوەندەش نا بەڵکو زەمەنی ناجۆر لەوەدایە کاتێک کەبەختەوەریە ڕووکەشیەکان دەگەنە ئاستێک بە هەزارەها لەژێر دروشمی بریقەدارەکاندا سەمابکەن لەوکاتەدا شەیدا دەمرێت ، مردنێک کەمیدیا و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سەرقاڵن بەسەرکردەوە، ئەو لەنێو ئەو قەرباڵغیەدا دەمرێت ، بەهێمنی وبێدەنگی، هەر وەک ئەوەی مردنیشی جۆرێک بێت لەو هێمنەڕەوتەی بەنێو ژیاندا ، مردنیشی بەجێهێشتنی هەموو قەرەباڵغیەک بوو کە تاسەر ئێسقان ڕقی لێی بوو، لەو ژاوەژاوەی کەبەردەوام بەهۆی هەژاری و ژیانی لەحەوشەیەکەی گەورە گەڕەکی قەزازەکان ، لەخانویەکی گڵین، کەماڵی کۆنی پیرەمێرد بوو و پری بوو لەکرێچی و دراوسێ هەژار و هیچ شتێک تێدا نهێنی نەبوو ، هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەو هەرایەدا ساتێکی تەنهایی بەخۆی ببەخشێت، ئەو هەرایە بەردەوام بەدوویەوە بوو، ئەوەندە دژوار و هەرابوو کەمن و ئەنوەر لەسەردانێکماندا، لەژوورەبچکۆلەکەیدا نەمان دەتوانی بەتەواوەتی گوێڕادێڵین بۆ یەکتری، چونکە تاو ناتاوێک بەقیژەیەک یاخود هەراوزەنایەک سەرنجی ئێمەی بۆ حەوشەکە ڕادەکێشا، گوێگرتن لەویەکتری لەو حەوشە گەورەیەدا جۆرێک بوو لەیاریکردنی ئەکرۆباتیک لەسەر پەتێکی باریکی تیژ هەرەشەی کەوتنەخوارەوەی لەسەر بێت بۆ نێو قەرباڵغیەکی ترسناک .. ئەو ئێوارەیە شەیدا بەپێکەنینەوە گووتی: نوکتەی من ئەوەیە، خەڵک دەڵێت من دەچمەوە لەماڵەوە سەرخەوێک دەشکێنم ، بەڵام من بۆ ئەوەی پشوو بدەم دەبێت بچمە دەرەوە...

9

لەنێوان ڕاکردن لەقەرباڵغی و گەڕان بەدووی هێمنیدا، لەنێوان هەراو زەنای مێگەلی و تاکاخوازی و ئیندیڤیدوالیەت و بێدەنگی و پەستیەکی شاعیرانەدا ، لەنێوان هەموو ئەمانەدا، شەیدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەسەر بردنی ژیانێک کە ئێستاکێ لەژیانی زۆربەی داهێنەرەکانی کورد لەنێو وڵات و لەمەنفاکاندا درێژ بوونەوەیەکی کوشندەی هەیە...

10

ونبوون لەنێو تێکستی داهێنەرانەدا لەنێوەندێکی پڕ هەراو قەرەباڵغی کوردیدا، سەرکێشیەکە مرۆ نازانێت لە چ کەنارێکدا دەگیرسێتەوە، ئەو ونبوونە گەر لەگەڵ خوێنەرێکدا نەگونجێت کە فێری خوێندنەوەی قوڵ نەبووە، ئەوا نائومێدیەکی ترسناک بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت، پرسیارەکە ئەوەیە کێ من دەخوێنێتەوە لەکاتێک هەمووان سەرقاڵی کێشەی نەتەوەن بەبێ بوونی کولتوورا! ، لەکاتێکدا کولتوور لە پرسی نەتەوە جیاکراوەتەوە و گەر بوونیشی هەبێت ئەوا بوونێکی پاشکۆیەتیە نەک سێنترالی، کێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوەتێدەگات کەگەیشتن بە پلە باڵاکانی جوانی لەنێو زماندا خۆی بێئەوەی بانگەشەی بۆ بکەیت دەموچاوێک بۆ نەتەوە پێکدەهێنێت!، کێ لەوە تێدەگات؟!، ئەوانەشی کەتێدەگەن ئیلیتەیەکی (نوخبە) زۆر دەگمەنن و قەرەباڵغن بە بەدگومانیەکانی ڕۆحی، لەنێوەندێکدا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو زۆری و بۆری پەلدەکێشێت.. من ئەوەندەی ئەو ماوە کورتەی پێکەوە لەگەڵ شەیدا قسەم کردبوو، (بێگومان ڕستەکانی ئەو کورت وچڕ و زۆرجاریش پچڕ پچڕ بوون، هەر وەک ئەوەی لەئاخڤین بێواز بووبێت)، ئەوە بێوازیەم هەستپێدەکرد کەلەنێو ئەو هەموو بەنێو **نوسەرە مەسلەکیانەدا** ژیانی بەسەر دەبرد ، لەنێو ئەوانەی کە وامەزندە دەکەن هەموو قسەیەک توانای ئەوەی هەیە ببێت بەنوسین. شەیدا لەبێدەنگی خۆیدا زۆری ئاماژەی ترسناکی پێدەبەخشیم کەتاوەکو نوسینی ئەم دێڕانە بابەتی بیرکردنەوەمن لە نێوەندێک کەبەتۆبزی بەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردی نێوزەدی دەکەین..

11

چۆن دەژیت ؟، چۆنێتی ژیان چیە و پەیوەندی چیە بەونبوونەوە، ئەمانە ئەو ئاماژە سەیرانەن کە لەمەرگی ئازیزم عوسمان شەیداوە هەوڵی تێگەیشتنی دەدەم، بەجۆرێک کەهەموو شتێک لە بۆشایەکدا بسوڕێتەوە، کەچیدی هیچ بیروڕایەک تێدا جێگیر نەبێت بەقەد هێندەی بابەتێک بێت بۆ قوڵکردنەوەی بیرکردنەوە. ڕێگە بەخۆم دەدەم کەباس لەئێوارەیەکی هاوینی 2001 بکەم کاتێک من و ئەنوەری ڕەشی عەولای شاعرو هاوڕێ پێکەوە بەرەو ئەسحابە سپی خلۆربووینەوە، من و ئەنوەر ماوەی زیاتر لە دەساڵی ڕەبەق دەبوو یەکترمان نەبینیوو، وێنەی ئەنوەر، وێنەی ئەو شاعیرە بوو بەئەزمونەکانی خۆیدا تێپەڕ دەبوو، ئەوێک کە تاوەکو ئێستا شێوە نوسینێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەمیشە ئەو ماوەیەی کە لەسلێمانی یەکمانگرتەوە ، خەریکی تەفسیر و لێکدانەوەی شتەکان بوو، جوانترین شت و خراپترین عادەتی ئەنوەر لەوەدایە کەهەمیشە خەریکی بەشیعریەتکردنی دنیایە!، ئەوەتا دوا دیوانی هەوڵدانێکە بۆ دانانی فەرهەنگێکی ئەلف وبێی ، تێدا جیهانی شتەکان شیعرخواز دەکات ، ئەو ئێوارەیە من و ئەو پێکەوە بۆ سەردانی شەیدا شۆڕبووینەوە... من و ئەنوەر ماوەیەکی زۆر لەیەکتری ونبوو بووین، ئەوێک لەسکندەنافیاوفیلاند گیرسابۆوە و منیش لە ئەڵمانیا، هەموو پەیوەندیەکان کۆمەڵێ دەنگ و تەلفۆنات کردن بوون، زۆر جار هەستم دەکرد کەئەمانە کۆمەڵێک دەنگن لە نێو خۆمەوە و لە ڕابووردوەوە دێنە بەرگوێم، هەموو هاوڕێکانم ئەوەندەی بوونێکی ئەبستراکتی فیزوالی نێو ئیمێل و دەنگی نێو تەلفۆنەکانن، ئەوەندە ڕاستەقینەیی نین، بەڵام ڕێکەوتێی پڕ بەختەوەری بوو کە هەموو هاوڕێ کۆنینەکانی زەمەنی نوسین و جەنگ و ڕاکەڕاکە و خۆشاردنەوە ، جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە، هیوا قادر و ئەنوەر و بەهرۆزی وەرگێڕی ڕۆمانی (جیهانی سۆفیا)، ئەو هاوڕێ دێرینانە کە هەمیشە ئاگامان لەیەکتری بووە و لێکدانەبڕاوین، جارێکی دیکە لەهەمان شارو لەهەمان شوێن یەکمان گرتەوە،دیارە ئێمە گۆڕابووین، بەچاوێکی دیکە سەیری دنیامان دەکرد، ژیانمان لەنێو ئەوروپادا بەهەموو زۆانبازیەکانیەوە، ئێمەی پەلکێشی جۆرێکی دیکە لە هەستکردن بەشتەکان کردبوو، تێڕوانینێکی دیکە بۆ کولتوور و ئەدەب و زیاتریش هەستکردن بەگرنگی ئەدەب هەمووانی پێکەوە گرێدەدابوو، ئێمە ئەو مەسلەکیەتەمان دەبینی کەدزەی کردبووە کەسایەتی هاوڕێ دێرینەکانمان، بەڵام شەڕی ناوخۆ و گەمارۆ و بیروکراتیەتی میلیشیا بەس بوو بۆ ئەوەی لەزۆر فینۆمین و گۆڕانکاری ئاوەها تێبگەین، لەڕێگا بۆ ماڵی شەیدا و بۆلای شەیدا ، لەو ئێوارەی هاویندا من و ئەنوەر باسمان لەم مەسەلانەدەکرد..

ئەمانە هەوڵدانێک بوو بۆ تێگەیشتن لەبێدەنگی و گۆشەگیری شەیدا لەنێوان مەنفای شوێن و مەنفای زەمەندا، دیارە ئەمە بۆ ئەنوەر جێگەی بیرکردنەوەیەکی قوڵبوو، بۆ هەردووکیشمان هەوڵدانێک بوو بۆ تێگەیشتن لە جیهانی نێوەوەی شاعیرێک کە بە خواستی هۆشمەندانەی خۆی بڕیاری دابوو خۆی نەفی بکات، خۆی تاراوگە بکات لە نێو زەمەندا نەک لەنێو شوێن، لەوبڕوایەدام ئەمەش سەخترین تاراوگەیە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نوسەر لەساتەوەختێکی بەریەکەوتنی لەگەڵ ژیاندا هەوڵی کردنەوەی دەرگاکانی دەدات و ئیدی کە نوسەر چووە نێو ئەو زەمەنە هەڵبژاردەیەوە ، چوووە نێو ئەو تاراوگە زەمەنیە، هاتنە دەرەوەی کارێکی ئەستەم دەبێت، زۆرجاریش لەو تاراوگەیەدا نوسین و داهێنان ماناکانی خۆیان وندەکەن، ئەمەش نێزیکبوونەوەیەکە لە مردنێکی ڕۆحی کە مردنی جەستەیی درێژبوونەوەیەکی ئەو مردنە ڕۆحیە دەبێت..
من و ئەنوەری ڕەشی عەولا کەبەکۆڵانی قەزازەکاندا هەنگاومان دەنا، هەر وەک جاران، وەک کوڕە کۆنەکانی سلێمانی هەموو خانوو و شوێنەکانمان گرێدەدا بەکەس و ناوەکانیان، هەستکردنێک بە گەڕانەوەو سەربەنیشتمان بوون دەگەڕایەوە نێومان، کەچیدی ئێمە بێگانەیەک نین. ئەنوەر باسی شەیدای کرد ، باس منداڵی خۆی لەگەڵ شەیدا و پەیوەندی بەشیعرەوە، باسی ئەو زۆرانبازیە سەختانەی کرد کەشەیدا لەنێو خێزانی موحافزکارانەی ئەوسای سلێمانیدا ، لەپێناو شیعر و بۆ شیعرو بۆ نوسین تێدا ژیاوە، شەیدا وەک نمونەیەک وابووە، نمونەی فیگورێکی زۆر ڕاستەقینە کە چیدی لە وێنەی برا گەورەیەکی تەقلیدیدا پێناسەناکرێت، بەقەد هێندەی وێنەی شاعیرێک بوو بەکۆمەڵێک بیرو جیهانبینی ئاڵۆز و پڕ ئیشکالیەتی زمان و بیرەوە لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکدا تاسەر ئێسقان دژی ئەو فیگورە شیعریە بوو، بەهۆی ئەو هۆکارە مێژوویەیە کەکۆمەڵگەی کوردی تێدا دەژیا، هەمووان دژی ئەو جیاوازیە بوون، دژی ئەو ئاڵۆزیە بوو کەچیدی نایەوێت لەگەڵ مێگەلدا وەکو ئەوان شێوەی ژیانی خۆی ڕێکبخات و بژی.
ئەمە ڕێگەیەکی دوورو دێژی شەیدا بووە ، ئەنوەر لەپڕ ڕاوەستاو گووتی : شەیدا لەخانوەکەی پیرەمێردا تەنها ژوورو هەیوانێکی کرێی هەیە..ئەمەش لەلای من ئەو پرسیارەی هاروژاند ئایا بەهەقەت نوسەرە ڕاستەقینەکان فێرە ژیان بوون؟!..

12

شەیدا ماوەی زیاتر لەهەفتەیەک دەبوو خۆی لەماڵەوە گۆشەگیر کردبوو، کەئەو ئێوارەیەش چووین بۆ لای ، ئەنوەر هەوڵیدەدا لەو گۆشەگیریە بیهێنێتە دەرێ ، بۆ هیچ نا، تەنها بۆ ئەوەی زیاتر لەنێو ئەو تاریکاییە ڕۆحیە پشوویەکی دیکە بدات ، شەیدا ئەو پیاوە دڵپاکە بوو کەحەزی لەهەموو شێوەجوانەکانی ژیان بوو، پیاوێک بوو غەمباربوو بەو هەموو شێواندنەی ژیان و جوانی ، هەموو ئەو خۆ گرمۆڵەکردنەوەی لەنێو بێدەنگی و هەڵبژاردنە سەختەی ونبوون ، جۆرێک بوو لەهەڵگەڕانەوە دژی هەموو ئەو دزێویانەی ئازاری ئەویان دەدا، شەیدا کەئێمەی بینی وەک منداڵ گەشایەوە، ئەو ئێوارەیە دوا ئێوارەی من بوو لەشار، دەبووایە ڕۆژی دووهەم بگەڕێمەوە بۆ شام و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا، پێکەوە ئەنوەرو من و کوڕەجوانکیلەکەی شەیدا سواری تەکسیەک بووین ، کەلەبەردەم باخچەی گشتی دابەزین، من و شەیدا باوشمان کرد بەیەکتردا، ئەو پیاوە وەکو ئەوانی تر سەیری منی نەدەکرد، هەستی دەکرد کە تاراوگە چ وەک شوێن و چ وەک زەمەن جۆرێکە لە جەنگ دژی ونبوون ، دژی وشکبوونەوەی خەیاڵ و داهێنان ، دژی خەونبینین و ژیان وەک نوسەرێک. ئەو دەیزانی کەئێمە هەندارانیانە نین بەدوو ئێوارە دانیشتن، شارو ژیانی شار و نیشتمان هەڵبسەنگێنین، دەیزانی ئێمەش وەکو ئەو لە تاراوگەدا دەژین، جیاوازی ئەو و لەمن، لەودابوو ، ئەو بڕیاری دبوو ون بێت و منیش هێشتا لەونبوون نێزیک نەبوومەتەوە، ونبونی ئەو جۆرێک ڕەتکردنەوەی ژیانێکی ناجۆر بوو ..بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە ماڵئاوایمان لەیەکتری کرد، چاوەکانی شەیدا زۆر شتی دەگووت ، کەتاوەکو ئێستاش هەوڵی ئەوە دەدەم ئاسەوارەکانی بهێنمە نێو تۆڕەکانی هۆشمەندیەوە، ئەوە دوا ساتەکانی من وشەیدا بوو..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

13

(بەڵام ئەوە شەیدایە کەمردووە، هاوڕێکەم.. لەدواجاردا ئەوە ئەوە کەمردووە، ئەوەی کەئێستا باسی دەکەین شەیدایە .. بەڵام شەیدا مرد ئازیزم ..) ، ئەمە قسەکانی ئەنوەر بوو لەتەلفۆندا، کەدوای داخستنی تەلفۆنەکە هەستم بە بەتاڵایی ژوورەکەم دەکرد گەورە و گەورەتر دەبێت، هەستمدەکرد تاڕواگەی ئێستام قوڵتر ووەحشیتر و بێئەمانترو تێکوپێکشکێنەرتر دەبێت، هەستمدەکرد نوسین قورستر وبێئەمانتر و گۆشگیرتم دەکات،هەستمدەکرد لەبەردەمی دەرگاکانی ژیاندا دڕندەی نوسین هەڕەشە لەهەموو شێوە ژیانێک دەکات کەبوونی هەبێت، بەتایبەت ژیانی جەستەیی..(لەدواجاردا ئەوەشەیدایە کەمردووە..) ، ڕستەیەک کۆتایی بەهەموو گفتوگۆیەک دەهێنێت، چونکە مردن ئامادەیە، مردنێک کەگومانێک و هەستکردنێک بەتاوان بەجێدەهڵێت بۆ ئەوانەی کەهێشتا لەژیاندا ماون، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە مردن کۆتایی هێنانە بەو ونبوونەی شەیدا کەلەم ساڵانەی دوایی تەمەنیدا مومارەسەی دەکرد، چیدی شەیدا ئەو تێکستانەی نەدەنوسی کەپێویستە بنوسرێن و بیانوسێت!، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە هاوینی ساڵی 1997 بوو ، لەئێوارەیەکی درەنگدا لە یانەی فەرمانبەران شەیدا ئەملاو ئەولای ماچکردم و نامیلکەیەکی پێشکەشکردم کە چەندەها شیعری کاریکاتۆری توڕەی لەخۆ گرتبوو، لەڕێگەی گەڕانەوەمدا بەردەوام بیرم لەو شەیدایە دەکردەوە کە بەجیاوازی دەقەکانی پێشووی خۆیەوە، بەجیاوازی کارەشانۆیەکانی کەبەشداربووە تێدا وەک وەرگێڕێکی بەتوانا، بەجیا لەو ووردبونەوەیە لە دنیاکانی شیعرو زمان، شیعری کردۆتە هۆکارێک بۆ دەربڕینی توڕەیی، توڕەبوونێک وەک هەندێک نەبۆتە جنێوفرۆشتنێکی هەرزان بۆ گردکردنەوەی خوێنەر لەخۆی ، زیاتر پەلبکێشێت بۆ قوڵکردنەوەی سادەخوازی لەڕۆحی خوێنەری کوردیدا، نەخێر، گەر ئەو ئەوەی بکردایە ئەوا هەمیشە لەنێوەڕاستدا دەبوو، چونکە حزبی کوردی هەمیشە موجامەلەی ئەو جنێو فرۆشانە دەکات و خەڵاتیان دەکات و ئاشتیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی جنێو بدەن بەنەیارەکانیان، ئەو جنێوانەی خۆیان نایەوێت بیڵێن. شەیدا لەو شیعرەکاریکاتێریستیانەیدا توڕە بوو بەرامبەر زوڵمی کۆمەڵایەتی کەتاوەکو ئێستا لەم کۆمەڵگەی کوردیەدا بەردەوامی هەیە، زوڵمێکە کە شۆڕشگێڕە دێرینەکان دەیکەن و کولتوری بەعس بەشێوەیەکی دیکە دووبارە دەبێتەوە، شەیدا هەستی بەو زوڵمە دەکرد و نەیدەویست لەگەڵ مەسلەکیەکاندا کەمانچەژەنی پلەدوو بێت لەدوای دەسەڵاتێکەوە ڕۆژ بەڕۆژ گەندەڵ دەبێت. دیارە ئەمە بەخشینی هیچ بوعدێکی سیاسیانە نیە بە شەیدا، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی کەوامەزندە دەکەن شەیدا بەتەواوەتی لەنێو خۆیدا گرمۆڵە بوو و چیدی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نەمابوو.. من و لەو ساتەوە بیرم لەوە دەکردەوە کەئیدی ئەو نایەوێت خۆی دووبارە بکاتەوە ، هەروەک چۆن نایەوێت لەسەر شکۆی ڕابووردوی دابنیشێت و بژیت..دیارە تەنها ناوی عوسمان شەیداش وەک ناو گەر خۆی بیویستایە زەمانەتێک بۆ بۆ ئەوەی باشتر بژی لەوەی کەژیا بوو..بەڵام ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو نەیزانیوە بژیت؟!، ئایا ئەو ونبوونە لەداهێنان ، مانای ونکردنی ژیانە یاخود بەپێچەوانەوە؟!..ئایا بەهەقەت داهێنەرەکان و نوسەرە جیدیەکان دەزانن بژین؟!!..

14

لەمردنی شەیداوە ئەو پرسیارە جارێکی دیکە خۆی قوتدەکاتەوە، ئایا شەیدا و زۆری وەکو شەیدا کەداهێنەر بوون و شوێنایەکیان لە کولتوری ئەم نەتەوەیەدا هەبووە، زانیویانەبژین؟، ئایا بەهەقەت هۆشمەندیەکی سیاسی هەیە کە خۆی بەرپرس بکات لە پاراستنی داهێنان؟!..ئایا دەبێت چارەنوسی نوسەری داهێنەری کوردی ژیان بێت لەگۆشەگیریەکی ئاوەها کوشندەی وەک عوسمان شەیدا تێدا ژیا ، یاخود شەڕێک بێت لەگەڵ ژیانی ماتریاڵیدا کە زۆر جار بە کوشتنی داهێنان کۆتایی پێدێت؟!، ئایا دەبێت کەمانچەژەنی دووهەمی سیاسەتێکی خراپ بیت یاوەکو دەبێت لەمەنفاکاندا بەدوو کەسایەتیەوە بژیت یەکێکیان کرێکارێکی هەرزانە و ئەویدیکە نوسەرێکە لەژێر هیلاکی و پەستانی دەروونیدا دەنوسێت؟!،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوە چ دەسەڵاتێکی سیاسیە قبوڵ دەکات داهێنەرەکانی ئاوەها گۆشگیربکرێن و ئاوەها کۆتاییان پێبێت، ئەو دەسەڵاتە دەبێت شەرم لەخۆی بکات ...بەمەرجێک کەمانچەژەنەکانی دوێنی بەعس و ئەوانەی لەژێر دروشمەکانی بەڵێ بەڵێ بۆ سەرۆکدا ژێر لەژێرەوە پارە و ئیمتیازاتیان وەردەگرت، هەر هەمان ئەو دەستە بۆگەنانە بوون ، جارێکی دیکە بەو هونەرەی لەبەعسەوە فێری بوون، کە بەهەڵە نێوی دەنێن هونەری ژیان، دەزانن چۆن بژین و دواجار بەداخەوەخۆیان لەتەنیشت دەسەڵاتی نوێی کوردیدا بینیەوە، هەمان دەسەڵات کە لەزەمەنی سەختیدا هاورێی ئەو داهێنەرانە بوون، کەچی لەپێچکدا بەیارمەتی ئەو بەعسیزمانە هەوڵیان دەدا هەموو داهێنان و رۆحی رەخنەیەک و دەنگێک خەفەبکەن ، نوسەرە جیدیەکان رام بکەن و بیانکەن بەکەمانچەژەنێکی خراپی نەشاز، هەر لەناو ئەو دەزگایانەشدا شوێنی هەڵەچنێکیشیان پێنەدەبەخشین!، پارەیەک بەمنەتەوە بەشی مەمرەو مەژی دەدرا بەداهێنان بەمەرجێک جنێو فرۆشان و تەنانەت ئەنفالچیەکانی دوێنێ لە پارە و ئیمتیازاتدا نقومبوون، وابزانم هەندێکیشیان لەپەرلەماندان.... هەر ئەوەندەش نا بەڵکو چەندەها گزگلی بەنێو نوسەر و رۆژنامەوانی نیوەزمانیان بۆقوتدەکردنەوە بۆ ئەوەی نەیەڵن لەوێش، لەو شوێنا پیسەشدا کە بەناچاری تێیکەوتوون، ژیانیان لێ تاڵبکەن.. شەیدا لەژێر ئەم هەموو پەستاوتە و لەنێو ئەم هەموو زوڵمەدا ئەوەندە پیاوێکی ناسک بوو کە ونبوونی هەڵبژارد، ئاخر ئەو زۆر لەوە ناسکتر بوو بچێتە ئەو شەرە وەحشیانەی ئەوانەی کەبەکولتوری بەعس گۆشبوون ، ئەو نە سەر بەکوتلە بوو نەسەر بەهیچ گروپێک، ئەو دەیویست تەنها شاعیرێک بێت و وەک شاعیرێک بژیت ، دیارە ئەو بەپلەی یەکەم کێشەی لەگەڵ داهێناندا هەبوو ، کێشەی ونبوون و دەرکەوتن..

15

دەبێت دەسەڵاتی کوردی شەرم بکات لەخۆی بەوەی داهێنەرەکان بەنیوەی کۆنەجاشێکیان پێ نەبەخشراوە..زۆریش هەبوو بەمنیان دەگووت ئاخر شەیدا نازانێت بژی !!..

16

لەوانەیە ئەوانەی لەسەرەوە باسمکردن بەشێک بێت لە تێگەیشتن لە مەرگی شاعیرێک، کەناکرێت ئاوەها بەیادکردنەوەیەکی ئاسان و باسکردنی چەند دێرێک یاخود تەنها لەچاپدانەوەی چەند سەد نوسخەیەکی دیوان و نوسینەکەی ، وەکو باوە، کۆتایی پێبێت، نەخێر من پێمووایە مردنی نوسەرەکان زۆر کێشەی گرنگ لەگەڵ خۆیاندا دەهاروژێنن کەنیوەندی بەنێو رۆشنبیری کوردی نایەوێت تێیبگات، یاخود لە ساناکردنەوەو سانخوازیەک و بەئاسانی روانین لەژیانیان و لەکڵێشەی یادکردنەوەو چلەکاندا زیاتر هیچی دیکەیان پێناکرێت ، ئەو نێوەندەی ئێمە بەئاسانی رێگەدەدات هەموو شتەکان تێپەربن ..

17

بەگەرانەوە بۆ مۆریس بلانشۆ لەچیرۆکی ساتەوەختی بەرانگەربوونەوەم لەگەڵ مردندا، دەتوانین لەساتەوەختەکانی مەرگی بونەوەرێکی بیرکەرەوە لەجیهان تێبگەین، بەوەی مردن زۆر جار قوتاربونە لەژیان ، کرانەوەیەکە بەسەر بێکۆتاییەک کەنوسەر قوتار دەکات لەو هیلاکیە رۆحیەی پێوەی دەناڵێنێت..لەسەرێکی دیکەوە مەرگی ئەوانی دیکە وامان لێدەکات هەمیشە بروا بەوە بکەین کە مردن لە دەرەوەی ئێمەیە ، ئەوانی دیکەیە دەمرن نەک ئێمە!!، ئاخر (لەدواجاردا ئەوە شەیدایە کەمردووە...)، ئەوە ئەوە مردووە و هەر ئەویشە کەباسدەکرێت، ئێمە باسی ئەو دەکەین بۆ ئەوەی بیر لەمردنی خۆمان نەکەینەوە، لەهەمان کاتیشدا باسکردنی مردووەکان بەباشی و مەزنکردنیان خۆ دوورخستنەوەیە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستکردن لەبەرپرسیاری ئەو بارودۆخەی تێدا ژیاون، هەمووان دەمانەوێت بەشان و بالآی مردووەکانمان هەڵدەین و ئێستاکێی خۆمان و مردنی خۆشمان لەبیربکەین..

18

هەموو نوسەرێک لەو جۆرە مردنە دەترسێت، چونکە هەموو نوسەرێک دەزانێت کە لەداهێنان ونبوون سێبەرێکی سەختی مردنە و هەناسەی داهێنان توند دەکات و خەیاڵ بەسەر ڕۆژانەژیاندا وشکدەکاتەوە ، وەستان لەبەرهەمهێنانی تێکستی داهێنەرانە، ئەو تێکستە ناکاملآنە بەرهەمدەهێنێت کە بانگەشەی ونبوونی نوسەرەکەیەتی..

19

شەیدا سالآنێکە بەهۆشمەندیەوە ونبوو بوو، ئەو نەیدەویست خۆی لەنێو تێکستی دووبارە بەرهەمبهێنتەوە، ئەوەش زیاتر لەڕوناکیەکان دووری خستەوە بۆ نێو تاریکایە سەختەکانی پەراوێز، تەنانەت زۆر هەبوون نەیاندەتوانی وێنەی ئەو شەیدایە پێکبهێنن ،کە زەمەنێک لەنێوەڕاستی ڕوناکیەکاندا بوو، تەنانەت خودیب خۆیشی نەیدەویست ئەوەبیرخۆی بهێنێتەوە!، ئە دژی ئەو فیگورە شیعریە بوو، لەدەروەی ژیاندا دەژیا، لەبەر ئەوە مردنی ئەو مردنی ونبوویەک بوو ، مردنێکی دووبارە بووە بوو ، ئەمجارەیان مردنێکی جەستەیی بوو.. جەستەیی و هیچ تر ...

ئیسماعیل حەمەئەمین

نورنبێرگ

19 ئاپرێلی، 2005

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com